# دوا دەرفەت و هەڵبژاردنێك لە كوردستاندا*

**گۆران قەرەداغی**

ماوەیەکە بە گەرمی، وەلێ لە تەمومژێکی ئەنگوستەچاودا، لە کەناڵە مێدیاییە جۆربەجۆرەکانی ئێراق و کوردستانەوە، پروپاگەندەی کەمپینی هەڵبژاردنی گشتی لە ئێراقدا گەوتۆتە گەڕ. کەمپینەکە تەنیا بریتییە لە هاندانی هاووڵاتییان بۆ بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنە سەرانسەرییەکەدا. بەڵام کەسان و لایەنەکان کە خۆیان پاڵاوتووە، یان دەپاڵێون، نە دەنگیان هەیە و نە رەنگ. نە نامیلکەیەکی رێنماییکەر و زانیاریبەخش بڵاوکراوەتەوە و نە هیچ لایەنێکیش بەرنامەی خۆی دابەزاندووە. ئەمە لەکاتێکدا کە گوایە دەبێ هەڵبژاردنەکە لە مانگی ژەنیوەریی 2005 دا، کە تەنیا دوو مانگی ماوە ئەنجام بدرێ.

جار جار پرسیارێک، چرپەیەک یان خۆزگەیەک دەربارەی یەکخستنەوەی ماڵی کورد و چۆنێتی هەڵبژاردنی ئاستی کوردستان بەر گوێم دەکەون. بڵێی کورد ماڵ بکەنەوە بەیەک و پێکڕا لیستێک دابەزێنن؟ بێ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی کوردستان، چی لە هەڵبژاردنی سەرانسەری ئێراق بکەین؟ ئەگەر ئێمە پەرلەمانێکی بەهێز و حکومەتێکی شەرعی و یەکگرتوومان لە هەرێمی کوردستاندا نەبێ، چۆنچۆنی فیدرالیزم دەچەسپی و ناوچە تەعریبکراوەکان بۆ کوێ بگێڕینەوە؟ یان ئەگەر دەستووری ئێراق مافی فیدرالیزمی نەتەوەییمان لە تەواوی جوگرافیای کوردستاندا بۆ دیارینەکات، وەرگرتنی چەن پۆستێک لە حکومەتی ناوەندی بەغدا، چی کەڵکێکمان دەگرێ؟

بەڕاستی من بۆ خۆیشم سەر لەو گشت مەسەلە ئاڵۆزانە دەرناکەم. رەوشەکە وا بەسەر یەکدا کەڵەکە بووە، مرۆ نازانێ لە کوێوە و چۆنچۆنی سەرە دەزوولەکان بدۆزێتەوە. ناچار دەبم بڵێم ئەگەر کاری ئەمڕۆمان نەخستبایە سبەینێ، هەرگیز ئاوا تووشی ستریس و دڵەڕاوکێ نەدەبووین.

ئێستا کە لە هەلومەرجێکی ئاڵۆز و ناجۆردا بەرەوڕووی هەڵبژاردنی گشتی دەبینەوە، ئەگەر بمانەوێ وەک دووەم نەتەوە و دووەم نیشتمانی وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە نیشنمان، لە دەرفەتی بنیاتنانەوەی ئێراقێکی نوێدا، فیدرالیزمی نەتەوەیی بۆ تەواوی هەرێمی کوردستان دابین بکرێت، پێویستە پێش هەڵبژاردنە گشتییکە، هەڵبژاردنێک لەکوردستاندا ئەنجام بدرێت و هەردوو بەشی هەرێمەکە، لە سایەی پەرلەمانێک و حکومەتێکدا بدرێنەوە لەیەک. پاش ئەمە دەکرێت لە هەڵبژاردنە گشتییەکەدا بەشداربین و رۆڵێکی کاریگەرانە لە بنیاتنانەوەی ئێراقێکی نوێ و دیموکرات و پلۆرالیستدا ببینین.

ئەمە تاکە ڕێگەی سارێژبوونەوەی زامەکانە. تاکە ڕێگەیەکە بۆ یەکخستنەوەی توانا پەرش و بڵاوەکانی میللەتەکەمان، تاکە ڕێگەیەکە بۆ سڕینەوەی فرمێسکی دایکی شەهیدەکانمان، تاکە ڕێگەیەکە بۆ دڵنەوایی منداڵانی باب و دایک ئەنفالکراو، تاکە ڕێگەیەکە بۆ ئارامبوونەوەی گیانی شەهیدان، باشترین گەرەنتییە بۆ لەدستنەدانی دوا دەرفەتێک کە لە بەردەم نەتەوە زوڵملێکراو و بەشخوراوەکەماندا ماوەتەوە. ئەرکی هەرە سەرەکی خەڵکی کوردستانە، بە تایبەتی سەرانی کورد و لایەنە سیاسییەکانمان، کە ناکۆکی پارتایەتی و ئایدیۆلۆژیا بەلاوە بنێن و لاپەڕە چڵکنەکان بدڕێنن، دڵسۆزانە و خۆبەخشانە بیر لە بەرژەوەنی باڵای نەتەوەیی و ڕەنجی ساڵانێکی دوور و درێژی پڕ لە ژان و سوێی میللەتەکەمان بکەنەوە، لاپەڕەیەکی بێگەرد بۆ هاوچارەنووسی و هاوخەباتییان بکەنەوە، زۆر بە وردی و هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە ناسکەدا بکەن.

*- ئەم نووسینە نێردراوە بۆ هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی.